

**وێنەی هونەرمەندی نەمر "خاتووزین"**

وێنەکە لە ماڵپەڕی نارتاکورد وەرگیراوە

## خاتووزین

## هونەرمەندی هەڵکەوتووی گوندی بۆگەبەسی

لە دوو بەشی ئەم زنجیرە ووتارەدا باسی دوو هونەرمەندی پەیکەرتاشی ناوچەی بۆکانم کردووە (١٨٢ و ٢٣٩). لەم دواییەدا هەردوو ماڵپەڕی "ئارتاکوردۆ" و "ناوەندی هەواڵنێریی سەقز" هەواڵێکی سەرنج ڕاکێشیان سەبارەت بە هونەرمەندێکی مەزنی بواری پەیکەرتاشی بڵاو کردەوە، بەڵام هەواڵەکان کاتێ بڵاو بوونەوە کە ئەو هونەرمەندە بەڕێزە لەژیاندا نەمابوو.

هەواڵی هەردوو ماڵپەڕەکە باس لە "خاتووزین" دەکەن و هیچ تایبەتمەندییەکی زیاتری ناسنامەیی خۆی یا بنەماڵەکەی نادەنە خوێنەر. ئەوە کارێکی ناتەواوە بێی وهونەرمەندێک بەو هەموو ئاسەوارە گرنگەوە تەنیا بە ناوی 'خاتووزین' ەوە بناسێنی و هیچی دیکەی لەسەر ڕانەگەیێنی.

هەرچۆنێک بێت، ئەو هونەرمەندە، و نموونەی کارەکانی، منیان گێڕایەوە دوو سێ هەزارساڵێک پێش ئێستا، کاتێ کە سارگۆنی دووهەم – پادشای ئاشوور لە ساڵی ٧١٤ ی پێش زایێندا لەشکری کێشایە سەر خاکیماننا و ئورارتور و ٢٢ شار- دەوڵەتی ناوچەکەی تێک شکاند و لە شنۆوە تا ناوچەی ئێستای بۆکان و "بیت-بەگە" ڕۆیشت، لەوێوە بەرەو ڕۆژهەڵات و لای ساینقەلا (ئەوکان) داکشا و دوای داگیرکردنی "ئیزیرتو" کە ئیتر لەو سەردەمانەدا بووبووە پێتەختی مانناکان (و زۆر واهەیە 'قەلایچی' ئێستا بێت) گەڕایەوە دواوە و چووەوە ناو خاکی ئاشور. ئەو "بیت-بەگە"یە لە گەڵ شوێنایەتی ئەمڕۆی گوندی بۆگەبەسی دا یەک دەگرێتەوە.

لەو پەیوەندییەدا دوو خاڵ پێویست بە گوتنە:

١. سارگۆنی ئاشوری وەک "ڕوسا" ی ئورارتو، کە لەشکری کێشابووە سەر ناوچەکە، ژمارەیەک سەنعەتکار و هونەرمەندی مانناییی لەگەڵ خۆیدا برد بۆ نەینەوا وئەوە خۆی ڕابەرێکە بۆ هەندێک شێوازی وێکچوو لە هونەری سەکایی- مادی- وئاشووری کۆندا؛

٢. سەیرێکی ساکاری کارەکانی هونەرمەند خاتووزین هاوشێوەیی کارەکانی بەتایبەت ئافراندنی ڕوخساری مرۆڤ وئاژەڵ، نزیکایەتی شێوازی کارەکانی لەگەڵ هونەری ئاشورییەکان دەردەخات.

ئەم هاوشیوەییانە، گەرای بۆچوونێک لەمێشکی منی ناشارەزا و ناپسپۆڕدا دەچێنێت:

سوننەت و نەریتی هونەری گۆزە نەخشاندنی ڕوخساری مرۆڤ و حەیوان لەسەریان، دەبێ لە کۆنی کۆنەوە لە گوندی بۆگەبەسیدا مابێت و دەستاودەست وسینگ بە سینگ گەیشتبێتە نەوی ئەم سەردەمە و خاتووزینی هونەرمەند میراتگری ئەو هونەرە مێژووییە بووبێت، ئێمەش هیچکاممان تا ئەودەمەی ئەو لە ژیاندا بوو بە مەسەلەکەمان نەزانی و نەچووینە بنج و بناوانی کارەکانیەوە!

ئێستاش درەنگ نەبووە و دەبێ کارەکانی خاتووزین لەلایەن پسپۆڕانی هونەرەوە دیراسە بکرێن و ئەوە ئەرکی زانکۆکانی هونەرە لە کوردستان کە بەپیر پێداویستییەکی واوە بچن. هەروەها، جێگەی خۆیەتی ئاسەوارەکانی ئەو هونەرمەندە تایبەتمەندە ببرێنە موزەی کوردستان لە سنە و سلێمانی و بەباشی

بپارێزرێن تا ئەو ڕۆژەی کە شارەزایان سەریان لێ هەڵدێننەوە و لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکەن.
هەر هوەها پێویستە بزانرێت لە گوندی بۆگەبەسی و گوندەکانی دەوروبەری چ خەڵکانێکی دیکەش بە تایبەت ژنان بەو هونەرەوە خەریکن و بەگشتی لێکۆڵینەوەی مەیدانییان لەسەر بکرێت.

یادی خاتووزینی هونەرمەند پیرۆز بێت!

ئەوە هەواڵەکە بەگوێرەی ماڵپەڕی ئارتاکوردۆ:

http://www.artakurdo.com/Kurdish/Exposition.aspx?Exp=٦٣٦٤d٣f٠f٤٩٥b٦ab٩dcf٨d٣b٥c٦e٠b٠١

ئەوەش هەواڵی ماڵپەڕی ناوەندی هەواڵنێریی سەقز بە ڕوونکردنەوەی زیاترەوە:

http://saghez.org/index.php?besh=dreje&id=٢٠٠٧